قوباد تاڵەبانی:کورد هەرگیز تەسلیمی خەسپێنی و دیکتاتۆرییەت نەبوو

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێم لەو ساڵیادی 21 ساڵەی رووخانی رژێمی عێراق رایگەیاند، سەدام و رژێمەکەی نەیانتوانی ئیرادەی گەلەکەمان بشکێنن و کورد هەرگیز تەسلیمی خەسپێنی و دیکتاتۆرییەت نەبوو.

لەو پەیامەکەیدا قوباد تاڵەبانی دەڵێت: "بە هەموو ستەمکاریی و خوێنڕێژییەکانییەوە، بە جینۆساید و ئەنفالەوە، بە کیمیابارانی هەڵەبجەوە، بە لەسەدارەدانی زیندانی سیاسییەوە، بە خاپورکردنی گوندەکان و بە راگواستنی زۆرەملە و بە وەاتبەدەرکردنی کوردانی فەیلییەوە، بە هەموو ئەمانە و زۆر تاوانی دیکەشەوە، سەدام و رژێمەکەی نەیانتوانی ئیرادەی گەلەکەمان بشکێنن".

جێگری سەرۆك وەزیران باسی لەوەشکردووەە، کورد هەرگیز تەسلیمی خەسپێنی و دیکتاتۆرییەت نەبوو و بە دڵنیاییەوە ئەم گەلە لە داهاتووشدا تەسلیمی هیچ خەسپێنییەکی دیکە نابێت.